# کێ لە جیاوازییەکانمان ببورێت؟

ئیدریس عەلی

لەسەر سوچی هەر کۆڵانێك. . نەمامێك

لەسەر دڵی هەر شەهیدێك. . ئاڵایەك

لەسەربانی هەر ماڵێکدا. . چرایەك

لەدەفتەری قوتابخانەی هەرمناڵێك. . وێنەیەك

بەروخساری هەر ژنێکەوە. . خۆزگەیەك

بەسەر لێوی هەر پیاوێکەوە. . بزەیەك

لەنێو لەپی هەر مردوویەکدا. شوشەعەترێك،

بۆخۆشەویستی ژیان

بۆکردنەوەی پەنجەرە داخراوەکانی عیشق،

کەدرەختێکی تەڕ لەشەودا رادەوەشێنین

یادمان بێت

ویژدانی باخچەیەك و ئارەزوی کۆترێك هەڵدەفڕێنین،

کاتێ مانگ لەخەونەکانماندا رووت دەکەینەوە

بزانین ئاسمانێك لەژور سەرمانەوە دەرەنجێ

چۆلەکەکان بەسەر پەلکی هەر درەختێکەوە هە ڵنیشتبن

هینی ئێمەن

فڕینی ئەوان

سەمای ئێمە

گمەی ئەوان

هەنسکی ئێمە،

بۆگۆرانی شەوگارە غەمگینەکانی پایز

بۆبوژاندنەوەی دەمارە سەختەکانی هەوەس. .

گوڵەکان بەگشت رەنگەکانەوە

هینی ئێمەن

تەڕی ئەوان

رووتی ئێمە

بۆنی ئەوان

خۆزگەی ئێمە



کوردستان نێت www.kurdistannet.org

بۆتەنیایی شیعر لەگەروی وشکی باخچەدا
بۆچرپە فێنکەکانی ئێواران و
سوعبەتە تەڕەکانی شەوێ. .
گۆڕستان بەگشت مردووەکانەوە خزمی ئێمەن
دایکی ئەوان
پوری ئێمە
ژنی ئەوان
خوشکی ئێمە،
(خودا لەگوناهیان ببورێت)

* * *

لەپشت هەر وێنەیەکەوە
یادگاری باخچەیەك
لەتەڕایی هەر باخچەیەکدا ژوانێکی سەوز
لەسای هەر سەوزە ژوانێکدا
رەنگی تەڕی ماچێك بەدوو لێوەوە
لەپاش هەر ماچێك
شۆڕ بوونەوەی لیکو شەهوەت
بەزاری چۆلەکەیەکدا
لەدڵی هەر چۆلەکەیەکدا
حەشاردانی نهێنیەك
نهێنییەك پڕ لەچەقۆ
پڕ لە هەڕەشەی لوت برین
پڕ لە قەفەسی هەڵواسراو،
ماوەی نێوان دوو نیگای دوور
قسەیەك بەئاستەم
بەدیواری بێدەنگی هەر قسەیەکدا
بخوردێك
بۆ سڕینەوەی نەخشەی بێدەنگی
بۆ هاتنە گۆی کانییەکی مات و خەواڵو
نیشتمان بەگشت شارەکانیەوە

**ماڵی ئێمەن**

**کۆڵانەکانی ئەوان. . باخچەکانی ئێمە**

**سرودەکانی ئەوان. . شیعرەکانی ئێمە**

**ئاڵاکانی ئەوان. . خوێنی پیرۆزی ئێمە**

**سڵاوە سەربازییەکانی ئەوان. . پەنجەرە شینەکانی ئێمە**

**گۆرانییە مەستەکانی ئەوان. . عەشقە یاساغەکانی ئێمە،**

**شۆڕش بەهەمو قوربانیەکانیەوە ئێمە کردمان**

**سەنگەرەکانی ئەوان. . شەهیدە بێنازەکانی ئێمە**

**سەرکردە چاو باشقەڵەکانی ئەوان. . چەپڵە گەرمەکانی ئێمە**

**تفەنگە بێ قەرەوڵەکانی ئەوان. . پەنجەو مەچەکە ناسکەکانی ئێمە**

**دووربینە کوێرەکانی ملی ئەوان. . چاوە خوێن تێزاوەکانی هیوای ئێمە**

**سەرمایەو کۆشکە بەرزەکانی ئەوان. . کەلاوەی ڕۆحو مناڵە برسییەکانی ئێمە**

**جەنگی ناوخۆیی غەریزەکانی ئەوان. . کوژرانی برا دووکەڵیەکانی ئێمە**

**بەم هەمو لێك دوورییەوە**

**(کێ لە جیاوازییەکانمان ببورێت) ؟؟؟؟**

كوردستان نێت www.kurdistannet.org